سەماحەتی حەکیم داوا دەکات دەستەڵاتی دەستووری و یاسای بە حکومەتە نەوخەیبەکان ببەخشرێت

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە ئەندامانی فراکسیۆنی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی، بەڕێزیان گوێبیستی قسە و بۆچوونەکانیان بوو، هەروەها ستایشی ئەو هەوڵانەی کرد کە حکومەتە نەوخەیبەکان لە سەردانی چلەکە ئەنجامیان دا بە ئەوەی ئەو بانگە گرنگە بەسەرکەوتوویی بڕۆن بکەن.

سەماحەتی داوەتی دووپاتی کردەوە کە حکومەتە نەوخەیبەکان دەستەڵاتیان پێ بدرێت بە ئەوەی پەژەکانیان جێبەجێ بکەن و کار بە بنەمای نا مەرکەزییەت بکەن بەو پێیەی کە شتێکی چەسپاوە لەدەستووردا، هەروەها داوای لە پارێزگاکان کرد هەماهەنگی بکەن و لەگەڵ دام ودەزگاکانی دەوڵەت و وەزارەتە ناوەندییەکان و ئەنجومەنی پارێزگا و خودی پارێزگار تەواوکار بن و خزمەتی هاوڵاتیان بکەن.
سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر دەستگرتن بە خاسیەتی خزمەتکردن بەو پێیەی ئەنجومەنی خزمەتگوزاریە وەاستەوخۆ لە هاوڵاتیان نزیکە هەروەها دووپاتی کردەوە کە دەبێت پەژە ستراتیژییەکان بە پێی پێویستی ڕاستەقینەیان بە پەلە ئەنجام بدرێت و تەواو بکرێت.
سەماحەتی داوای کرد ئەندامانی کوتلەی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی دابزنە گەڕەپان و گوێ لە داواکارییەکانی خەڵك بگرن و بەدی بهێنن، ڕوونیشی کردەوە کە سەقامگیری حکومەتە خەجێیەکان بەشێکە لە سەقامگیری سیاسی بەدی هێنراو لە ولاتدا ئەوەش پێویستی بەوەیە کە پارێزگاری لێو سەقامگیرییە بکرێت و پتەوتر بکرێت.